گۆڤاری زانكـۆی ڕاپەڕین
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper4
ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٢/١١
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٢/١٥
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٠٦/٢٩

# سیمیۆلۆژیای ناونیشان

## ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن) بەنمونە

**عبدالستار پیرداود حسن[١] - سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی[٢]**
sttar.perdawd@gmail.com - sardar.hasan@su.edu.krd
[١+٢] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوخـــتە:**

توێژینەوەکەمان کە لەژێر ناونیشانی (سیمیۆلۆژیای ناونیشان، ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن) بەنمونە) دایە، هەوڵێکە بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر بابەتێکی دەوڵەمەند و گرنگ و کاریگەر، لەپێناو ناساندنی سیمیۆلۆژیای ناونیشان وەک زاراوە و چەمک و پێناسە و پۆڵبەندیەتی و خستنەڕوی بەها و بایەخ و پێگە و ڕۆڵی ئەم بابەتە کە وەک ئاماژەدەرێکی سیمیۆلۆژی لەنێو هەناوی فەزایەکی فراوانی وەک ڕۆمان، کە تا ئێستا زۆر بەکەمی وەک توێژینەوەی ئەکادیمی قسەی لەسەر کراوە، ئەمە لەلایەک و نیشاندانی لایەنە شاراوەکانی سیمیۆلۆژیای ناونیشان و هەڵگرتنەوەی دەلالەتەکانی ئەودیو ماسکەکانی ناونیشان لە هەریەک لە ئاستەکانی (مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی، ریتم و ئاوازە، دەلالەت)ە شاراوەکانی ئەودیو تێکستەکە لەلای ئەم نوسەرە لەلایەکی ترەوە، هاوکات هەمو ئەوانە لەنێو تانوپۆی ڕاڤە و لێکدانەوە و سیمیۆلۆژیانە خوێندنەوەیان بۆ کراوە و بەشوێن هەڵگرتنەوەی مەغزا و پەیامی نوسەر لەودیو ئایکۆنیەتی ئەم ناونیشانە دەست و پەنجە لەگەڵ سەرجەم کایەکان نەرمکراوە.

**کلیلە وشەکان:** ئاماژەدەری ناونیشان، پۆڵبەندیەتی ناونیشان، ئەرک و وەزیفە، سیمیۆلۆژیای ناونیشان.

## پێشەکی:

ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)، یەکێکە لە ڕۆمانەکانی (جەبار جەمال غەریب)ی ڕۆمانوس، بەو پێیەی ئەم ناونیشانە یەکێکە لەو ناونیشانەی، کە نوسەر لەپێناو پێدانی لایەنی هونەریی و فیکری و دەوڵەمەندکردنی تێکستەکەی، هاتوە کاری جددی لەسەر چنینی ڕایەڵە زمانییەکانی ئەم ناونیشانەدا، کردوە، وەک دیارە جومگە و ڕەگەزی ناونیشان وەک ئایکۆنێکی گوشراو و چڕکراوی پڕ لە ئیحای سیمیۆتیکییە، چەشنی تاج بەسەر جەستەی تێکست دەدرەوشێتەوە، بونیادێکی دەلالی سەربەخۆیە، هەڵگری شوناسییەتی دەقە یا وەک دەقێکی گرۆمۆڵەکراوی زمانی سەیر دەکرێت دەسپێک و سەرەتای کردنەوەکانە، کردنەوەی کۆد و مەغزاکان و کەشفکردنی زیاتری دەلالەتەکان، ئەو دەلالەتە جیاوازانەی، کە لە هەناوی دەقدا خۆیان، هەڵدەگرنەوە و ڕێنوێنی کردەی بینینمان بۆ دەکەن و ڕۆشنایی شوناس بە تێکستە سەرکییەکە دەبەخشێت و دەبێت بە خاڵی سەرەتا و دەروازەی چونە نێو دەق، کلیل و دەسپێکی کردنەوەی شفرە زمانییەکانە بۆیە بەهۆی هەمو ئەو وەزیفە و ئەرکە جیاجیایانەیەوە لەلایەن توێژەران و نوسەرانەوە ئاوڕی جددی لێدراوەتەوە و لێدەدرێتەوە، لەڕاستیدا ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)، چ بۆ خودی (جەبار جەمال غەریب)، وەک نوسەری ڕۆمانەکە، چ بۆ تەواوی خوێنەران بەشێوەیەکی گشتی، وەک جومگە و ئایکۆنێک لە ناونیشانێکی شیعرییەتئامێزانە، ناونیشانێکی جوان و پڕ شەوقە، ئەمەش هەم لەپێناو زیاتر کارکردن و ڕاوەستان لەسەر زیاتر گرنگیدان بەو جومگە چالاکە لەلایەن نوسەرەوە و هەم ناساندنێکی پڕ لە چێژوەرگرتن لالەیەن تاکی خوێنەرەوە، بۆیە تێکستەکانی نوسەر وەک ڕۆمان پڕە لەو وێنا و بەرجەستە جوانانەی نوسەر، بۆ ئەم مەبەستەش ناونیشان ڕۆڵێکی گرنگ و کارای هەیە، بۆیە ناسین و جیاوازبینینی فیگۆری ناونیشان ڕۆڵی لە ناسین و خوێندنەوەی جیاجیا و لێکدانەوەی فرە دەلالەتیانەی تێکست هەیە، بۆیە ناونیشانەکان وەک تێکستێکی چڕکراو گوشراوی مێتازمانیانە لە باکگراوەندی مەعریفی و فیکرییانەی نوسەرەوە هەڵێنجراون و هاتون، هەر ناونیشانێکیش دەلالەت لە چەند ڕوگەیەکی فیکری و ئێستاتیکی دەکات، کەواتە هەر نوسەرێک بۆخۆی خاوەن پەیام و وێنا و ئیشکردن و لەسەر ڕاوەستانێکی تایبەت بەخۆیەتی، کە دەکرێ لەو ئەتمۆسفێر و فەزا بچکۆڵە زمانییەی کە ناوی ناونیشانە سەرجەم وێنا و دیدگا جیاوازەکانی خۆی بخاتەڕو، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بزانین چۆن چۆنی بایەخی بەم جومگە ئایکۆنیەتە سیمیۆلۆژییە داوە، چ لە ڕوانگەی نوسەر و ئاستی مەعریفیانەی بۆ ئەم ڕەگەزە یاخود چۆنیەتی ئامادەبونی سەرجەم ئەو ئەرک و وەزیفانەی، کە ناونیشان بەخۆی گرێداوە، هەمو ئەمانەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە زیاتر لە مەبەست و نیتە سەرەکییەکانی نوسەر نزیکببینەوە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی بابەتی سیمیۆلۆژیای ناونیشان وەک جومگەیەکی کارای نێو ئەم بونیادە لەلایەک و ئەو ئەرک و وەزیفە و پۆلبەندیەتی ناونیشان و سەرجەم ئەو گۆڕانگارییە پڕ لە هونەریی و چێژەی کە ئاماژەدەری ناونیشان بەسەر فۆڕمی ناونیشانی ڕۆمانێکی ئەم نوسەرە داهاتوە لەلایەکی ترەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

١. لە بەشی تیۆردا هەوڵدراوە سود لە سەرجەم ئەو تێرم و پێناسە و کاتیگۆریا و کلێشبەندێتی و تێڕوانینە جیاوازانەی کە زۆر لە توێژەرانی نوێگەر باسیانکردوە،

٢. هەوڵدراوە ناونیشانی ڕۆمانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا، لە سێ ڕوگە و ئاستی جیاواز: (مۆرفۆلۆژی، ڕیتم و ئاوازە، دەلالەتە شاراوەکانی)، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیەدا، ڕاڤە و لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیانەی بۆ بکرێت، لەپێناو هەڵدانەوەی دیوە شاراوەکانی مەتن و مەبەستەکانی نوسەر.

٣. هەوڵدراوە سودێکی زۆر لە ستراتیژیەتی کارکردەیی ئەو مێتۆدە پۆست بونیادگەرییەی کە سیمیۆلۆژیای ناوە وەربگیرێ، بۆ کردەی ڕاڤە و لێکدانەی ئەو کۆدانەی، کە لە بونیادی ناونیشاندا هەیە، ئەمەش دەبێتە ڕێچکەیەکی باش و بەسود هەم بۆ خۆمان و هەم بۆ ئەو خوێنەرانەی کە دەیانەوێت سود لە مێتۆدی سیمیۆلۆژیا وەربگرن، بۆ لێکدانەوەی بونیادی ناونیشان.

## سنوری توێژینەوەکە:

تەنها ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)ی (جەبار جەمال غەریب)، کە ناونیشانی یەکێک لە ڕۆمانەکانیەتی وەرگیراوە.

## مێتۆدی توێژینەوەکە:

بەو پێیەی توێژینەوەکە کارکردنە لێکدانەوە و خوێندنەوەی تێکست لە سەر هەڵگرتنەوەی سەرجەم ئەو تێرم و چەمک و پیناسە و کاتیگۆریاکانی ناونیشان لە دیوە تیۆرییەکەیەوە لەلایەک و هەڵگرتنەوەی دەلالەتە شاراوەکانی ناونیشان لەسەر چەند ئاست و ستراکچەرێکی جیاجیا، هاوکات هەڵگرتنەوەی لایەنە

پڕ ئێستاتیکا و شیعرییەتئامێز و مەغزا شاراوە زمانییە چنینکراوەکان لەلایەکی ترەوە لەدیوە پراکتیزەیەکەیەوە، بۆیە بنەڕەتی ڕێبازی ئەم توێژینەوەیەش، ڕێبازی (سیمیۆلۆژیا)یە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

بەگشتی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بە (زمانی کوردی و ئینگلیزی) پێکدێت؛ بەشەکانیش بەم شێوەیەن:

**بەشی یەکەم**: باس لە ڕەگەزی ناونیشان کراوە لەڕوی هەریەک لە: (ناونیشان وەک زاراوە، چەمک و پێناسەکانی ناونیشان، پۆلێنی ناونیشان، سیمیۆلۆژیای ناونیشان)، هەمو ئەمانە بەشێوەیەکی فراوان باسی لێوەکراوە.

**بەشی دوەم**: بە ناونیشانی (خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیانەی ناونیشان لە ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا) دایە، هەوڵدراوە لەنێو ڕاڤە و خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی سیمیۆلۆژیانە، لەسەر سێ ئاست و بونیاد: (مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی، ریتم و ئاوازە، دەلالەت)، بەشوێن هەڵگرتنەوەی سەرجەم ئەو دالە زمانیانەی، کە چینینی بۆ کراوە بە مانا و مەغزای شاراوەی نوسەر، لەپێناو بارگاویکردنی ناونیشان بە ڕایەڵەی مەعریفی و فیکری و ئێستاتیکییەوە، کە خۆی لەخۆیدا دەبێتە چەشنە دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنێکی فەزای ئەو ئایکۆنیەتەی، کە ناونیشانی ناوە، کە وەک تاج بەسەر سەری تێکستدا دەدرەوشێتەوە.

## بەشی یەکەم:

### ١: ١ ناونیشان.. زاراوە:

ناونیشان ڕەگەزێکی دەوڵەمەندە چ لەڕوی شێوە و فۆرمەوە وەک (دال) چ لەڕوی فرەمانایی و فرەجەوهەرییەوە وەک (مەدلول)، ئەوە ئەو حەقیقەتە زانستیەمان بۆ ئاشکرا دەکات بەوەی ئەم زاراوەیە وەک بونیادێکی سیمیۆلۆژی خاوەن فەزایەکی فرەشێوە دەبینین (titulus)ی لاتینی،(titlu)ی ڕۆمانی، (title)ی ئینگلیزی، (titre)ی فەرەنسی، (titulo)ی ئیسپانی، (العنوان او عنونة)ی عەرەنی، (ناونیشان)ی کوردی...تاد، کە وەک (ئادەمس ـAdams) پێیوایە: (بنچینەی وشەکە بۆ(titulus)ی لاتینی دەگەڕێتەوە) (خۆشناو،٢٠١٩: ١١٣) ئەمە لەڕوی شێوگە جیاوازەکانی نوسین و تایپکردنەوە لەنێو هەناوە فەرهەنگیەکانەوە، بەڵام کاتێک لەڕوی ئاستە سیمانتیکیەکەوە وەک مەدلول سەیر دەکەین ئەوە بەر چەندین واتا و مەدلولات دەکەوین و مانای (درەوشانەوە، ناوبانگی، دەربڕینی زمانی، ناو و نازناو، ناونیشان،

نیشاندەر، خاوەنداریێتی، سەرەکێتی، مەبەست، دەرکەوتن، ناسین، دروشم، ڕانان، چەک و سەنەد،...تاد) بێت، کەواتە ناونیشان بەو پێیەی خاوەن قەوارەیەکی بەهێز و کاریگەر و دەوڵەمەندە چ لەڕوی وشە و واژەوە چ لەڕوی مانا و دەلالەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ناونیشان وەک پەنجەرەیەکی فرەڕەنگ و درەوشاوە خۆی بەرجەستەکردوە و بوە بە جەمسەرێکی کاریگەر بەهۆی گرێدان و بونیادنانی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی، کە لەگەڵ تێکستەکە هەیەتی (ئیدی هەر نوسینێ بەناونیشانێک دەناسرێتەوە: شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، فیلمی سینەما، کتێب، کۆمپانیا، گروپ،...تاد، تەنانەت ناوی کەسەکانیش دەبێ بە ناونیشان، بۆیە (ناونیشان) دەچوێنم بە (سەر)ی (جەستە)یێک، چونکە ناوی (کەس)یش لە(سەر)ەوە دەناسرێتەوە) (مفتاح،١٩٩٠: ٥٧)، کەواتە ناونیشان دەبێت بە پردی پەیوەندی نێوان یەکەم بەرکەوتنی (خوێنەر/بینەر)، لەگەڵ جەستە و مەتنی دەقەکەوە ئەو جومگە وروژێنەرەیە کە هەڵگری پەیام و مەبەستە و پێویستی بە تەئویلاتی خوێنەرە بۆ ئەوەی سەرە داوێک بدۆزێتەوە، کە کۆدە زمانیەکانی لێ ڕوێنراوە و دەبن بە ناونیشان، کە بەرکەوتنەکانی بە مەتنی دەق ئاسانتر بکات و ببێت بە ڕۆشناییەک بۆ ئەوەی کردەی شەن و کەوکردن و ڕاڤەکارییەکەی بۆ فەراهەم بکات، چونکە چڕ خوێندنەوەیی جومگەی ناونیشان یەکسانە بە جوان ڕاڤەکاری مەتن و دیوی ناوەوەی دەق، یەکەم بەرکەوتن لە کردەی شیکاری تێکستدا بەرکەوتنە بەو دەقە چڕکراو و بچکۆڵە پڕ لە ئیحایەی کەوا ناوی (ناونیشان)ە، (کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتی خوێندنەوەکەدا هەیە، لەئاستی دەربڕینیشدا پێکهاتەیەکی زمانەوانییە و لەسەرەوەی دەقەو، ڕۆڵی لە خەملاندنی بابەت و شەقڵپێدانی ثیمەدا هەیە، هەوڵدەدا کۆد و هێماکانی دەق بکاتەوە و (بینین)ی نوسەرەکە لەلای خوێنەر ڕۆشن بکاتەوە) (ئەسوەد،٢٠٠٦: ٧٤) کەواتە ناونیشان وەک کوتلەیەکی چڕ و کاریگەر لە زۆربەی دەقەکان بەتایبەتی لە دەقە تازەگەری و فەنتازییەکان دەبێتە چەق و سێنترالێکی ڕۆشن و دیار بۆ ئەوەی چەشنی سورەیيایەک و کۆشکێک لە ڕوناهی بونیاد و فەزای دەق ڕۆشنبکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی چەشنە وروژاندنێکی بینینی خوێنەر، بۆ ئەوەی چێژی جوانگوتن و جواننوسینی دانەری دەقەکەی لا خۆشەویست بکات و دەستی ڕاکێشی بۆ میوانداریێتی و بەرکەوتن و کردەی خوێندنەوەی ئەم گوزارشت و شوناسەی ناونیشان، کە وەک تاج بەسەر جەستەی دەق دەدرەوشێتەوە (ناونیشانی هەر بابەتێک وەک سەری جەستەیەک وایە، چۆن ئەم جەستەیە ناتوانێ بێ سەر بژی، ئاواش هیچ دەقێک ناتوانێ بێ ناونیشان بونی خۆی بسەلمێنێ) (رشید،٢٠٠٧: ١٥١) ناونیشان وەک زاراوەیەکی سیمیۆتیکی گرنگی زۆری پێداوە بەو پێیەی، کە ناونیشان نیشانە و هێمایەکە لەنێو ئەتمۆسفێرێکی بارگاوی بە نیشانە و کۆدە سیمیۆتیکیەکان بەدرێژایی مێژوی مرۆڤایەتی لە پەیدابونەوە تاوەکو ئێستا کە جێگەی بایەخ و گرنگی بوە، چونکە فاکتەرێکی کارایە، لە زیندو ڕاگرتن و جاویدانیەت بەخشین، ئەم کۆد و ئایکۆنانەی کەوەک وشە و ناونیشان لەسەر

تاق و دەرگا و پەنجەرە و کردەی مۆمیا و نەخشاندنیان بە شفرە و واژەی زمانی هەڵکۆڵێنراو، دەلالەت لەوە دەکات، کە ناونیشان دانانی لەپێناو بەزیندوڕاگرتنی و جاویدانیەت بەخشینە بەو بابەتانەی، کە خۆشەویست بونە لای ئەوان، بەتایبەت لەسەردەمی سۆمەرییەکان و فیرعەونەکان و گەڵە سەرەتاییەکان، ئیدی وردە وردە ئەم جومگەی ناونیشانە گرنگی و بایەخی زیاتری پێدرا و بەتایبەت لەلای گریکی کۆن، چونکە ئەسینا وەک مەڵبەندێکی دیار و دەوڵەمەند لە زانست و فەرهەنگ و پەرتوک و...تاد، ڕۆڵی هەبوە لە بەرەوپێشبردنی ناونیشان، بەڵام وەک ئاکتی کارکردن لەسەر ناونیشان توانی ئەم جومگە هونەرییە بەزانست بکات، هەروەک تێڕوانینی وابو، کە ناونیشان وەک کوتلەیەک هەڵگری کۆمەڵێک کۆدی زمانییە یاخود نیشانەی سیمیۆتیکییە، کاتێک لە چینی سەرەوەی تێکستدا دەبینرێت، کە چۆن ڕاستەوخۆ دەلالەت لە تێکست دەکات، بەم هۆیەشەوە دەتوانێ سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت (Heok،1981:5) هاوکات هۆک دەربارەی ناونیشان دیدگای وایە، کە بریتییە لە کۆمەڵێک پێوەندی زمانی جا چ وشە بێت یا ڕستە یا تێکست کە هەواڵی چەسپاندنی وێنەی تێکست دەدات، هاوکات ڕۆڵی هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر (اشهبون،٢٠١١: ١٧) بۆیە بەهۆی ئەوەی توێژینەوەیەکی فراوانی لەبارەی بونیادی ناونیشان ئەنجامدا، کە لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی میتۆدیانەی چڕ و ڕوئیایەکی سیمیۆلۆژیانە باس لەم بونیادەی کردوە، لە چوارچێوەیەکی ستراکچەری و دەلالەت و هەمو ئەو ئەرک و وەزیفانەی کەوا ناونیشان هەیەتی، بۆیە هەمیشە بە پێداگرییەکی بەهێزەوە کەوا ناونیشان بریتییە لە کۆمەڵێک ئایکۆنی زمانی وە پێویستیشە لەسەر ڕوبەندی هەمو تێکستێک بونی هەبێت، بۆ ئەوەی خوێنەر پەلکێش بکات بۆ ئەوەی لەڕێگەی خوێندنەوە سیمیۆ-هیرمنیۆتیکیەکانی خۆیەوە هەوڵ بۆ کردنەوەی کۆد و نمادەکانی تێکست بکات(بڕوانە: حمدوای،٢٠٠٧: ٢).


## • ٢ – ١ : ناونیشان .. چەمک

کاتێک ناونیشان وەک بونیادێکی هونەریی دەق دەردەکەوێت و دەبێت بە دیباجەیەک و پەنجەرەیەک بۆ چونە ناوەوەی دەقەکان، کە هەڵگری دەیان مەدلولە بەشداریەکی کارای هەیە لەنێو ستراکتۆری گشتییەتی تێکست وەک لیۆ هۆک گوتویەتی: (ناونیشان کۆمەڵێ نیشانەی زمانییە، دەبێ لە سەرەوەی دەق هەبێ، دەلالەتە لە پێکهاتەی گشتی دەق) (حەسەن،٢٠١٥: ٣٢٥) ئەم دەلالەتکردنەی ناونیشان لەنێو ستراکچەریەتی گشتێتی تێکست، کە وەک بلاژکتۆرێک ڕۆشنایی ئەپرژێنێتە دەروازەی چونە ژورەوەی دەق و کۆمەڵێک ڕایەڵەی زمانی تێدا هەڵدەگرینەوە، بۆ ئەوەی یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ چونە ناوەوەی مەتن و دیوی ناوەوەی دەق، ئەمەش وادەکات ناونیشان بە کردە و وەزیفەیەکی سیمیۆلۆژی هەڵبستێت بۆ دیاریکردنی

ئاماژەکانی تێکست وەک پاراتێکستێکی بچوککراوەی زمانی شوناس ببەخشێت بە تێکستە بنچینەییەکە و کۆمەڵێک کۆدی زمانیت بۆ واڵا بکەن تاوەکو لە هەڵگرتنەوەی مێتاماناکانی ئەودیو کۆنتێکستە سیمیۆتیکیەکان هاوکار بن بۆ کردەی ڕاڤەکردن و خوێندنەوە سیمیۆ- هێرمنیۆتیکیەکان وەک جیرار جنێت لەبارەی تێکستی هەڤتەریبparatext) ڕوئیای وایە ناونیشان وەک جومگەیەکی سەرەکی وەزیفەی لەدەرگادانی تێکستی هەیە، تەنانەت باشترین ڕۆشناییە بۆ ئەوەی دەستتبگرێت بۆ نیشاندانی دیوی ناوەوەی تێکست و دیوی ئەودیوی کۆدەکان(مێتاکۆد) و ڕونکردنەوەی دەلالەتەکان و کەشفکردنی ئەو مەدلولاتانەی، کە لەودیو تێکست Meta text )خۆیان حەشارداوە و پەنهانن، بۆیە ناونیشان کلیلی سەرەکی و دەروازەی چوە ژورەوەی تێکست و هاوکارێکی باشە بۆ خوێندنەوەی بۆشاییە سپییەکانی دەق لەلایەن تاکی خوێنەرەوە لەکاتی کردەی ڕاڤە و لێکدانەوە سیمیۆ ـ هێرمنیۆتیکییەکانی و مانا پێدانەوەی دەق، کەواتە ناونیشان وەک ئیلیمێنتێکی چالاک ئەرک و وەزیفەی چڕی هەیە بۆ ئەوەی تێکست ڕوەو سەکۆیەکی گفتوگۆئامێزی دیالێکتیکی لەنێوان (نێرەر ـ نوسەر) و (بۆنێردراو-خوێنەر) ئاراستە بکات، بۆ ئەوەی لەم بەرکەوتنە دیالێکتیکیەی سەرجەم ڕەهەندە هزری و ئێستەتیکی و سیمیۆتیکییەکان کە لەناوەوەی دەق ڕوێنراون ڕۆشنببنەوە و بەر چێژی داهێنان بکەون، کەواتە ناونیشان وەک کۆد و شفرەیەکی زمانی خاوەن ماتریالێکی فیزیکی هەیە، کە (بریتییە لە یەکەمین بەرکەوتنی ماتریالی درکپێکراوی فیزیکی، کە لەنێوان نێرەر و بۆنێردراو ئەنجام دەدرێت) (قطوس،٢٠١١: ٣١) هەربۆیە وەک یەکەم بەرکەوتن و یەکەم ئیلیمێنتی سەرەتای هەر دەقێک خاوەن بەها و وەزیفەی فرە ڕەهەندی هەیە وەک زەخرەفەیەکی هونەری و ئێستەتیکی دیدی خوێنەر بۆ لای خۆی دەوروژێنێت و سەرنجی ڕادەکێشێت، چونکە (تا چەند ناونیشان سەرنجڕاکێش و جوان بێت، ئەوەندە زیاتر وا لە خوێنەر دەکات بەرهەمەکە بخوێنێتەوە و لەگەڵی بەردەوام بێت) (مستەفا،٢٠٢١: ١٢٣)، کە شعرییەت بەخشین بە ناونیشان پێویستی بە لێزانی و ڕیشەیەکی مەعریفی و هزری قوڵ هەیە لەلایەن نوسەرەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم کردەی شعرییەت بەخشینە بە ناونیشان وا لە خوێنەر بکات بە ئاگایی و وریاییەکی زۆرەوە دەست و پەنجە لەگەڵ تێکستەکە نەرمبکات، چونکە وەک دریدا گوتەنی: (ناونیشان چەشنێکە لە چەشنەکانی تاج) (پیرداود،٢٠١٠: ٨٨)، واتە وەک تاج خاوەن ڕەونەقیەت و بەهایە، دەبێت بە وریایەکی زۆرەوە دەست بۆ هەڵگرتنەوە و کردنەوەی کۆدە زمانیەکانی بەرێت، هەربۆیە لە سیمیۆلۆژیادا ناونیشان وەک کۆد و ئایکۆنێکی ئاماژەیی خوێنراوەتەوە، چونکە ناونیشان بونیادێکی فرەڕەهەند لە مانا بەخۆ هەڵدەگرێت، بۆیە بایەخی زۆر بەم ستراکچەرە دەدات و بە کلیلی دەروازەی سەرەکی تێکستی دادەنێت، چونکە ئەوە خودی ناونیشانە لەتوانای دا هەیە لەڕێگەی ڕایەڵە سیمانتیکی و ئاماژەییەکانی دەق ڕوەو کرانەوە ئاراستە بکات، بۆیە ناونیشان هاوتای تێکست خاوەن سیستەمێکی دەلالەتی و هێمایی قوڵ و چڕە،

بۆیە پێویستیمان بە تاکی زرنگ و هۆشیار هەیە بۆ کردەی شۆڕبونەوە بۆ نێو ئەمستراکچەرە چڕ و قوڵە و جێبەجێکردنی کردەی کردنەوەی شعرییەتی زمانی دەق، بۆیە کردنەوەی کۆدی ناونیشان کردنەوەی کۆدی ناوەوەی متنە، کەواتە (یەکەم کاری سیمیۆلۆژیا لە ناونیشاندا شیکردنەوەی ناونیشانە لە ڕێگەی ئەو دیالۆگەی لێکۆڵەر لەگەڵ ناونیشان دەیکات) (عەلی و ڕەئوف،٢٠١٥: ٢١٦)، کەواتە ناونیشان بەو پێیەی، کە خاوەن تایبەتمەندی و بایەخی زۆری هەیە و خاوەن قەوارەیەکی فراوانە لەڕوی گرنگیپێدانەوە لەلایەن نوسەرانەوە، هەر بۆیە نوسەران هەڵدەستن بە کردەی شعرییەتپێدان بەو جومگە دەوڵەمەندە لەپێناو ئەوەی ڕوبەرێکی تر لە دەرەوەی ئەو ڕوبەرە بونیادەیە و ڕیالیەی کە هەیەتی ئەویش ئۆنتۆلۆژییەکی فیزیکییە، بۆیە لەپێناو ئەوەی مەرز و تۆبۆگرافیای ناونیشان فراوانتر بکات، دێن شێوگێکی زمانی فەنتازی و چەشنێک لە شعرییەت پێدەدەن بۆ ئەوەی مەداری قوڵبونەوەکان چڕتر و فراوانتر بکەنەوە کە هۆکارێکی کارایە بۆ گەمەی دالە زمانیەکان و چێژپێدان و کردنەوەی دەرگا لەبەردەم دیدی خوێنەر، هەروەک (د.ناسر یەعقوبی)، دەربارەی ناونیشان تێڕوانینی وایە: (دەرگای تێکستەکان بە کلیلی ناونیشان دەکرێنەوە و ئەوەی لە ساتی یەکەمدا پێشوازی لە خوێنەر دەکات ناونیشانە) (سدیق،٢٠١٠: ٢٢)، بۆیە ناونیشان وەک جومگەیەکی ئێستاتیکی خاوەن چەندین تایبەتمەندی بێت بۆ ئەوەی لە توانای دا هەبێت چەندین ئەرک و وەزیفە ئەدا بکات.

هەندێ جار وەکو منداڵدانێک سەیر ناونیشان دەکرێت بەوەی، کە لە توانای دا هەیە ببێت بە دەروازەیەک، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم کۆمەڵە پیت و بڕگە و وشە و دەستەواژە زمانییە، کە بارگاوی کراوە بە فیکر و تقوس و فەنتازیا، کە مانای زۆری بەخۆ هەڵگرتوە، لە دایکببێت و ببێت بە جومگەیەکی کارا، کە ڕۆڵێکی پڕ بایەخی هەبێت و، ببێت بە خاڵی دەسپێک و پردی بەیەکگەیشتنی نێوان خوێنەر و دەق، بۆیە ناونیشان (ئەو منداڵدانەیە کە زۆربەی دەلالەتەکانی دەقی لێوە لەدایک دەبن) (رشید،٢٠٠٧: ٦٣)، تەنانەت لە ناونیشان دەتوانین ئەم پەیامە ئایکۆنە لە زمان چێنراوە هەڵبگرینەوە کە لە نێوان هەردو جومگەی (نێرەر) و (بۆ نێردراو) ئاراستە دەکرێت و هەڵگری دەیان ڕایەڵەی ئێستاتیکی و ئەپستیمی و مێتازمانییە، کەوا خاوەن شفرەیەکی زمانی چڕکراوەیە و پێویستی بە توانای زەینی خوێنەرە بۆ کرانەوەی وەک لەم فیگەرەدا دیارە:




ئەم فیگەرە مێتازمانییە كە لە هەناوی ناونیشاندا وەك كۆدێكی سیمیۆلۆژی لەلایەن نوسەری تێكستدا هەناردەی تێڕوانینە زەینییەكانی خوێنەر دەكرێت، بەبێ مەبەست و مەغزا مەعریفی، ئێستاتیكی، زمانی، هونەری، كلتوری، ڕامیاری،ئابوری،...تاد، بۆیە دانەری ناونیشانی تێكست دەبێت بە وشیاریەكی مەعریفی و مێتازمانی قوڵ و چڕ مامەڵە لەگەڵ ئەم ئایكۆنە زمانیەی ناونیشان بكات لەپێناو ئەدا كردنی پرۆسەیەكی سیمیۆتیكی خاوەن ڕیشە، هەربۆیە لە زانستی ئاماژەناسیدا بایەخێكی زۆر بەم جومگەیە دراوە، چونكە ناونیشان لە تێروانینی سیمیۆلۆژیستەكان بریتییە لە كۆنتێكست و سیستەمێكی سیمیۆلۆژی كە هەڵگری ڕەهەندی سیمانتیكی و سیمبولئامێزە (قطوس،٢٠١١: ٣٣)، لە پشت هەمو واژە و پیت و برگە و وشەیەكی دەیان ڕایەڵەی بە مەدلول داپۆشراو خۆی حەشارداوە و پێویستی بە ڕۆشنایی زەینی وەرگرە بۆ كردنەوە و ڕۆشنایی خستنەسەر، ناونیشان سیستەمێكی سیمیۆلۆژییە، كە بارگاوییە بە ڕەهەندەكانی ڕۆشەنبیری و هزری و هونەری كە موخاتەبەی وەرگر دەكات (فؤاد و علی،٢٠١٩: ٢٧١)هەر ئەم بەها مەعریفە مێتازمانیەیە كەوای لە دانەری تێكست كردوە، شیعرییەتێكی سیمیۆتیكی بە جومگەی ناونیشان بدات، كەواتە لێرەدا ناونیشان وەك ئایكۆن و كۆدێكی سیمیۆلۆژی دەستنیشاندەكرێت، چونكە بەنیشانە و سیمبول داپۆشراوە، بۆیە (ناڤنیشان ب تێگەهشتنا سیمیۆلۆژی سەنتەرە، گیان و واتەیێ ددەتە تێكستێ)(ئۆسمان،٢٠١٢: ٣٨١)، ئەم كردەی بەسەنتەربونەی ناونیشان دەبێتە هۆی ئەوەی سنور و ئەتمۆسفێری تێكست فراوان بكات، بۆ ئەوەی ماوەی زیاتر لەبەردەم كردەی فرە ڕاڤەیی فەراهەم بكات، هەر ئەم كردەی بەسەنتەربونەی ناونیشان وای لە دید و تێڕامانەكانی هەریەك لە(ژاك دریدا و لۆسیان گۆڵدمان)بكات بۆ ئەوەی بڵێن: ناونیشان سوڕەیا و چراخانی تێكستە و دەتوانێت وەزیفەی ڕۆشنكردنەوەی درز و كەلەبەرە تاریكەكانی كردەی ڕاڤەكردن و خوێندنەوەی دەق ئەدا بكات(بڕوانە: ئەسوەد.٢٠٠٦: ٧٥)، (قاسم،٢٠٠٠: ٢٩١)، كاتێك ناونیشان ئەم وەزیفەی

بەسەنتەربونە وەردەگرێت و دەبێت بە ئاماژەیەکی سیمیۆلۆژی چڕ و خاوەن کۆدی زمانی ئالۆز، کە دەیان واتا بەخۆهەڵدەگرێت و جاویدانیەت بە تێکست دەبەخشێت، ئەم ئاماژە و سیمبولە هێماییانەی ناونیشان لەنێو چوارچێوەی تیۆریزە سیمیۆلۆژییەکانی پێرستدا جومگەی ناونیشان دەبێت بە "جەفەنگ، ئیشارەت، ئایکۆن" (ئۆسمان،٢٠١٢: ٣٨١) کە مەبەستی لە ئەداکردنی ناونیشان وەک کردەیەکی مێتازمانی و بە ئایکۆنکردنی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێویستە ناونیشان وەک کۆدێکی سیمیۆلۆژی بەکاربەرێت لەپێناو مەزراندنی تێکست بە ڕایەلە ئەپستیمی و ئێستاتیکی و مێتازمانییەکان، بۆ ئەوەی زەینی وەرگر بجولێنێت و ڕوەو دیوی ناوەوەی تێکست ئاراستە بکات و سیحری تێکستەکە لا بوروژێنێ و ئاوێتەی بکات لەگەڵ جەوهەری دەق، کەواتە (ناونیشان مەرجەعێکە ئاماژە و ڕەمز لەخۆدەگرێت، واتا چڕ دەکاتەوە و دانەر دەقەکەی لەسەر دەچنێت، پرسیارێکە دەقەکە وەڵامی دەداتەوە و خوێنەریش ڕاڤە و زیادەی دەخاتە سەر) (بەرزنجی،٢٠٢٠: ٢٠)، هەر خودی ئەم ئاماژە و ڕەمزەیە، کە وا لە هەناوی ناونیشان دەکات وەک ئایکۆنێکی سیمیۆلۆژی دەربکەوێت و ببێت بە ستراکچەر و سێنترالێکی مێتازمانی چڕ و ئالۆز، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم ئالۆزییەتەی پانتاییەکی تر و بۆشاییەکی سپیتر لە مانا بۆ خوێنەر بەجێبهێڵێت، بۆ ئەوەی لەکاتی پرۆسەی ڕاڤەکاری و هەڵگرتنەوەی ماناکان بەر فرە مەدلولییەت بکەوێت و بەمەش تێکست ڕوەو کرانەوە ئاراستە بکات، کەواتە (ناونیشان هێمایەکی زمانییە، دەکەوێتە ڕوکاری دەرەوەی دەق، بۆ ئەوەی کۆمەڵە ئەرکێک ئەنجام بدات، کە تایبەتن بە ئەنتۆلۆژیا و پێکهاتەی دەق و ناوبرێکی جیهانیش بۆ دەق دەبڕێ) (خۆشناو،٢٠١٠: ١٨٩) کەواتە ناونیشان بەوپێیەی هێمایەکی زمانییە، دەتوانێت هەڵگری دەیان ڕایەلەی ئەپستیمی بێت، جا ئەم زانیارییە چ سەبارەت بە تێکستەکە بێت، چ سەبارەت بە زانیاری گشتی و قوڵبونەوەی فکری و فەلسەفی بێت، لەوکاتەدا ڕۆڵی ڕێنیشاندەر و ڕێبەرێکی بچکۆڵە دەبینێت، ئەمە وادەکات تێکست بە خودی (وەرگر ـ خوێنەر) بناسێنێ و پەنجەرەیەکی پڕ لە ڕایەلەی ئێستاتیکی و ئەپستیمی و مێتازمانی بۆ واڵا بکات، ئەم کردەی ڕێبەریکردنە دو وەزیفە ئەدا دەکات: لەلایەک دەبێت بەو پەیام و کۆدە زمانیەی، کە هەڵگری بەشێک لە مەعریفەی ناو تێکست بە تاکی ئەو وەرگرە یا خوێنەرە ببەخشێت، لەلایەکەی تریشەوە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی بەهای جەوهەر و پێکهاتە ستراکچەریەتەکەی تێکست و بەرزی دەنرخێنێت و هەر بەو بەرزنرخاندنە ڕایدەگرێ و دەیهێڵێتەوە، هەربۆیە (جیرار جنێت ـ Gerard Genette) پێیوایە (ناونیشان وەک سێنترالێک ئەرکی نێوەندگیری لەنێوان هەردو جومگەی تێکست و خوێنەر ببینێت و ببێت بە پردی پەیوەندی نێوانیان) (بوجاە،١٩٩٤: ١٠٦)کەواتە لەم کردەی بە نێوەندکردنەی تێکست و خوێنەر، ناونیشان وەک ئایکۆنێکی سیمیۆلۆژی دەبێت بە یەکەم دەروازەی ڕاڤەکاری بنچینەیی بۆ کردنەوەی بەشە پەنهان و تاریکەکانی تێکست و ئاشنابون بە مەتن، کە پەرلێلە لەگەڵ جومگەکانی تری وەک پێشەکی و دەسپێک و پەراوێز و سکێچ و کۆمێنتەکان، کە لە هەناوی تێکستدا هەریەکە و خاوەن مەهام و وەزیفەی گرنگن، کەواتە ناونیشان وەک شوناسی تێکست و جومگەیەکی بنچینەیی هەر تێکستێک خۆی ڕایەلدەکات، هەر ئەمەشە وای لە (تۆن ئەی. ڤان دایک -Teun A. Van Dijk)(١٩٤٣ـ ) دەکات، کە بە وریاییەکی زۆرەوە دەست بەرێت بۆ کردەی دەست و پەنجە نەرمکردن لەتەک جومگەی ناونیشان، چونکە لای ئەم


تویژەرە ناونیشان یەکەیەکی مەزن و گەورە و خاوەن مەهامە لەنێو هەیکەڵی ستراکچەرە گشتگیریەکەی تێکست، بایەخی تەواوی بۆ سەرکۆی دەقکە هەیە، بۆیە لەسەر خودی دانەری تێکست پێویستە، کە بە چەشنە مامەڵەیەکی ورد و ئاگایانە دەست بەرێت بۆ جێگیرکردنی ناونیشان لەسەر ڕوگەی سەرەوە و قەمتەرەی تێکست، کە ئەم ناونیشانە لەسەر سێ ئاستی ستراکچەری تەلوین و بارگاوی کرابێت کە ئەوانیش بریتین لە هەر سێ ئاستی ستراکچەریتی (فۆنۆلۆژی - Phonology)، (مۆرفۆلۆژی - Morphology)، (سیمانتیک- Semantic).

## ٢ - ٢ : سیمیۆلۆژیای ناونیشان لەلای(جەبار جەمال غەریب)دا:

ناونیشان وەک ئایکۆنێکی زمانی بە فۆرمێکی گشتگیر لەگەڵ یەکەم هەنگاوی دەسپێکی بزاڤی تازەگەری و نوێبونەوەی ئەدەبیات و خوێندنەوەی ڕەخنەیی و فەلسەفی بە جۆرێک لە جۆرەکان ناونیشان وەک ستراکچەر و پێگەیەکی بەهێز لەلایەن نوسەران و لێکۆلەران و تیۆرێزەکاران ئاوڕی جددی لێدراوەتەوە، کە یەکێک لەو میتۆدە هاوچەرخانە میتۆد و شرۆڤەکاری سیمیۆلۆژییە، کە گرنگی و بایەخێکی تۆکمەی بەم ستراکچەرە داوە، ئەمەش پەیوەست بەو هۆکارەی کەوا ڕەگەز و پێکهاتەی ناونیشان وەک ئایکۆن و دیباجەیەکی چالاک ڕۆڵی کارا دەگێڕێت بۆ وێناکردنی ئاستی ژێرەوەی دەق و کەلەبەرە نارۆشنەکانی مەتن لەلایەن تاکی خوێنەر، بۆیە دەبینین ناونیشان وەزیفەی خۆی لە بابەت پەیامی گەیاندن و پەیوەندی بەستن لەگەڵ تاکی (وەرگر/خوێنەر) بەتەواوەتی ئەدا دەکات، ئەمەش وادەکات (یەکەم بێرایی کە تویژەری سیمیۆلۆژی دەستی بۆ ببات خوێندنەوەی ناونیشانە) (بڕوانە: خۆشناو،٢٠١٩: ١٢٠)، (حمداوي،١٩٩٧: ٩٧)چونکە بونیادی ناونیشان وەک یەکەم بەرکەوتن لە میانەی پرۆسەی خوێندنەوە سیمیۆ- هێرمنیۆتیکەکانی خوێندنەوە، دەستی خوێنەر دەگرێت بۆ ئەوەی ڕوەو ئاستی ژێرەوەی تێکست ئاراستەی بکات، بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامی ڕاڤەگەری ڕایەڵە فکری و مێتازمانییەکانی مەتن و بونیادی تێکست درک بەو ڕایەڵە چڕکراوە مێتازمانی و فەلسەفییەی ئەودیو ستراکچەری ناونیشان کەوا لەلایەن نوسەری تێکست چنینراوە و چڕکراوەتەوە بکات، ئەم فاکتەرەش وا لە تاکی سیمیۆلۆژیست دەکات بە ئەهمیەتێکی تەواوکۆ مومارەسەی ئەم ئایکۆنە زمانییە بکات و لە ئەولەویەتی کارەکەی جێگەی بۆ بکاتەوە، چونکە (ناونیشان چڕکراوی واتای دەقە، ئەوەی دەق هەندێجار ماناکانی خۆی لێمان دەشارێتەوە، دەکرێت لە ناونیشاندا بەدوایدا بگەڕێین) (لەتیف،١٣٩٩: ١٧) کەواتە ناونیشان وەک دەقێکی چڕکراوی زمانی خۆی لەبەردەم بینینەکانی خوێنەرە سیمیۆلۆژیستەکان هەڵدەخات بۆ ئەوەی وەک دیباجە و کلیلێک خۆی لەبەردەم تویژەر هەڵبگرێتەوە، چونکە وەک لامان ڕونە بەوەی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ناونیشان و تێکست هەیە وەک دوانەیەکی بەیەکبەستراو دەردەکەون و یەکتر تۆکمە دەکەن، چونکە هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر ناتوانێ خۆی تەواو بکات، دەقێک لە هەناوی دەقێکیتر، ناونیشانێکی بچوکی چڕکراو لە هەناوی ناونیشانێکی گەورەی فرە مەودای متنی تێکست، کەواتە ناونیشان وەک ڕوبەندی تێکست خۆی لە هەناوی مەتن هەڵدەگرێتەوە، ئەمەش لەپێناو پێدانی فرەمەودایی تێکست، ئەم فرەمەودایی پێدانەی تێکست لە هەناوی ناونیشان دا


دەگەڕێتەوە بۆ تواناسازی نوسەر کەوا چەندە بایەخ بەو ستراکچەرە زمانیەدەدا، ئەو پیت و بڕگە و واژە زمانیانەی، کە ئایکۆنی ناونیشان چێدەکەن، پێویستە سەر بە بازنەی فێلدە لێکسیمیەکان(lexeme) بێت، بۆ ئەوەی هەناوی پیت و بڕگە و واژە دەربڕێنراوەکانی ناونیشان بەرەو ئاقارێکی مێتازمانیانە ئاراستە بکات، ئەمەش لە پێناو ئەوەی لەلایەن فۆڕم و دیواربەدنێتی بەرەو دەموچاوێکی ئێستاتیکی و هونەری وەربگرێ، لەلایەکیتر لەڕوی جەوهەر و مەتنەوە لە ئاستی ژێرەوەی هەڵگری دەیان مەدلولات و خوێندنەوەی فرە ڕەهەند بێت، بۆ ئەوەی مەوقعێکی فەلسەفیانەی هەبێت، تاوەکو(ناونیشان و مەتن)، وەک دوە ڕوی بەهێز و کاریگەر لەبەردەم سەکۆی خوێنەر هەڵبگرنەوە، کەواتە ئەوە خودی نوسەری پڕ لە ئەزمونە دەست بۆ ئەو واوزییە ئایرۆنییە مێتازمانیەی نێوان ناونیشان و مەتن دەبات، بۆ ئەوەی ڕۆحییەت بەو پرۆسەیە بدات و بە زیندویەتی بیهێڵێتەوە، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا لە بونیادی ناونیشانەکانی ڕۆمانەکانی (جەبار جەمال غەریب)دا بڕوانیین ئەو لۆژیکیەت ئەداکردنەی ناونیشان بەتەواوی بەرجەستە دەکەین، بەوەی ناونیشان لە ژیانی نوسینی نوسەر ئەوەندەی نوسینی تێکستەکە گرنگە و بەوریاییەوە دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرمکردوە، هەر بۆیە ئەو ڕاستیە بەدیدەکەین بەوەی وەک خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: (ناونیشان لە ژیانی نوسینی مندا، ئەوەندەی کتێبەکە گرنگە، هەمیشە بەو عەقلیەتە بیرم کردۆتەوە، کەوا بنوسم، بۆیە دەبینیین لەیەکەم نوسینمدا، گەمەی ناونیشان بەردەوام لەگەڵ مندا دێت) (پیرداود و حەیدەر،٢٠٢٢: ؟)، بۆیە (جەبار جەمال غەریب) وەک ڕۆماننوسێکی مۆدێرن بە شێواز و ئایکۆنێکی جیاوازی لێکسیمی مێتازمانی ویستویەتی ئەم پیت و بڕگە و وشە و ڕستە و دەستەواژانە لە هەناوی ناونیشاندا کۆبکاتەوە کە کاریگەرییان لەسەر خوێنەردا هەیە، زۆرترین بەرکەوتەیان لە زەینی خوێنەردا هەبێت، بۆیە بە شوێن گەمەی دالە زمانییەکانی نێو کێڵگە لێکسمییەکاندا گەڕاوە بەتایبەت لەنێو ئەو کێڵگانەی، کە جۆرێک لە دوانەلێکدژی لە هەناوی وشەکاندا بونیان هەیە، بۆ ئەوەی دواجار لەنێوان ئەم دوانەلێکدژییانەی مانایەکی هاوبەش، لەنێوان زەینی خوێنەر و گیانی دوانەلێکدژییەکان بخوڵقێنێت، کە خودی خوێنەر هاوبەشە لە کردەی خوڵقاندنی ئەو مانا هاوبەشانە و دۆزینەوەی پردی پەیوەندییەکانیان، بۆ نمونە ئەگەر لە سەرەتاییەکانی ژیانی نوسینی نوسەر بڕوانیین ئەو تەرزە دوانەلێکدژەی ناونیشان بەتەواوەتی لە ناونیشانی (گیانی تاشەکان)ی نوسەر بەرجەستە دەبێت، بەوەی کە دو جومگە و جەمسەر دوانەلێکدژی بەیەکەوە کۆکردونەتەوە، کە یەکێکیان (گیان)ە، کە تەنیا بۆ ئەو شتانە دێت کە مۆرتاڵن، زیندون، جاویدانیەتیان تێدایە، وە ئەوەیتریان کە (تاشەکان)ە، کە ڕەقەن، بەردن، کە هیچ چەشنە گیانێکیان تێدا نییە، کە بە یارمەتی ئامرازێکی دانەپاڵ دراونەتە پاڵیەکتری و بەشێوەی کۆی ناسراو کۆکراونەتەوە و بەر زەینی خوێنەر دادراوە، چیەتی ئەم لۆژیکیەتە لە ئەداکردنی ئەم چەشنە ناونیشانە زیاتر ڕایەڵە زەینیەکانی خوێنەر دەوروژێنێت و ئاراستەی دەکات ڕوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەم گەمە ئایرۆنیە مێتازمانیەی نوسەر کە لە هەناوی ناونیشانێکی ئاوادا چاندویەتی بەوەی، کە چ سڕ و نهێنی و چیرۆکێک لەودیو (گیانی تاشەکان)دا هەیە، کە درێژکراوەی لە دیوی مەتندا خۆی ڕەنکرێژکردوە، بۆیە کە دەیخوێنیتەوە لە کۆتایی چیرۆکەکە کابرا، کە دارێک لە قوربانیەکە دەدات کە کەسێکە لە ئەنفالکراوەکان، جەستەی زۆر ڕەق دەبێت، ئەوە ئەم چیرۆکەی بیردەخاتەوە کەوا چۆن دار و

بەرد و شاخەکانی کوردستان وەک تاش و بەرد ڕەقن و موشەک و قونبەلەکانی دوژمن کاری لێنەکردون، هەمان جەستەیان هەیە، بۆیە هەمیشە نوسەر ویستویەتی ناونیشان وەک ئایکۆنێکی مێتازمانی دەربکەوێت کەوا هەڵگری دەیان ڕایەڵی پرسیارئامێز، کۆمەڵێک مانا، دەیان ڕایەڵەی لێکدانەوە و شیکارئامێز کە دەستی زەینی خوێنەر ڕابکێشێت بۆ کردەی خوڵقاندنی مانای تازە، لێکدانەوەی فرە ڕەهەند، شۆڕبونەوە بەنێو دەهالیزەکانی مەتنی چڕکراوی نێو هەناوی ناونیشان کە ڕایەڵە درێژکراوەکانی لەنێو هەناوی تێکست بەدەردەکەوێت.





کەواتە ناونیشان وەک ستراکچەر و ئاماژەدەرێکی مێتازمانی وەک پەیام دەبێت بە پردی گرێدانەوەیەکی بەهێزی پەیوەندییەکانی نێوان(نوسەر-خوێنەر)و دەبێت بە تەوەرەیەکی سەرەکی، بۆیە بەرپرسیاریەتی ناونیشان لە ئەستۆی دانەری تێکست دایە، پەیوەندی بە ڕادەی هەمو ئەو توانا فکری و فەلسەفی و مێتازمانیانەی کە لە کەشکۆڵی هزرگەی نوسەردا ئەرشیفکراوە و ئاستی داهێنانی ئەم نوسەرەی دیاریکردوە و ئەزمونی لادروستکردوە، هەر بۆیە زۆربەی نوسەرە بە تواناکان، کردنەوەی کۆدە زمانیەکانیان کە لە هەناوی دەقدا حەشاریانداوە بەشێکی زۆری لەنێو جومگەی ناونیشاندا شاردونیانەتەوە کە بەشێکی درێژکراوەی تێکستە و نوسەر بە وریاییەکی زۆرەوە ڕواندویەتی، بۆیە (ناونیشانی ڕاستەقینە ئەو ناونیشانە ئۆرجیناڵەیە کە نوسەر دیاریکردوە، چونکە تەنها ئەم ناونیشانە دەتوانێ مانا بەو دەقە ببەخشێت بۆ خوێندنەوەیەکی تەواوی دەق، ڕێنوێنی خوێنەر بکات) (خۆشناو،٢٠١٩: ١٢٥)، کەواتە لێرەدا ناونیشان وەک ئایکۆنێکی کۆدزمانی و پەیام دەبێت بە پردی پەیوەندییەکانی نێوان نوسەر و خوێنەر و لەو سەکۆیەدا ڕایەڵە فکری و مەعریفییەکانیان دەگۆڕنەوە، بۆیە دەبینیین پرۆسەی ناونیشان لای (جەبار جەمال غەریب)دا

نەدەکەوێتە سەرەتای نوسینی تێکستەکەی و نەکۆتایی تێکستەکەی، بەڵکو کردەیەکە بە درێژایی دەست و پەنجە نەرمکردنەکانی لەگەڵ نوسینی ڕۆمانەکانی لە کردەی خەڵقکردنی ناونیشاندا لەنێو ئەتمۆسفێرێکی دیالێکتیکیانەی سێرەهەندی نێوان (نوسەر–تێکست–خوێنەر)دا وازییە ئایرۆنییە مێتازمانییەکانی هەڵدەگرێتەوە، بۆیە ناونیشان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو تێکستە هەیە کە نوسەر نوێنەرایەتی دەکات، وەک دەقێکی چڕکراوە دەست و پەنجە لەگەڵ تێکستی سەرەکی دەکات کە هەمو درز و کەلەبەر و ڕایەڵەکانی تێکستی تێدا ڕەنگدەداتەوە (جلال،٢٠٠٩-٢٠٠٨: ٣٨)، کەواتە بە لەونێکی تر دەتوانیین بلێین : ڕۆمان وەک هەر نوسینێک لە دو بازنە و دو ئەتمۆسفێری بەناویەکداچو پێکدێت، بازنەیەکی چکۆڵەی چڕکراوی مێتازمانی، کە خۆی لە ئایکۆنیەتی ناونیشاندا هەڵدەگرێتەوە، بازنە گەورەو درێژکراوەکەی تێکستیش لە مەتندا خۆی هەڵدەگرێتەوە، بۆیە ئەو پەیوەندیە لەنێوان ناونیشان وەک ئایکۆنێکی مێتازمانی و تێکستی ڕۆمان پەیوەندییەکی دوسەرەیە، هەم پەیوەندییەکی دینامیکی تەواوکۆییە، هەم پەیوەندییەکی دیالێکتیکیانەی لۆگۆسییە، هەردو بازنە و ئەتمۆسفێر کە بەنێو یەکتردا دەکشێن و شۆڕدەبنەوە و پەرتدەبن، بەڵگەمان بۆ کردەی ئاوێزانبونی ناونیشان و مەتنی تێکست وەک دو ئەتمۆسفێری تەواوکۆ لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (جەبار جەمال غەریب)ی ڕۆماننوسدا، ئەو ڕاستییە هەڵدەگرینەوە کاتێک چیرۆکی چاپکردنەوەی بەرهەمە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب) لەسەر دەستی نوسەرێکی ئێرانی بە ناوی(رضا کریم مجاور)بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتێک ویستویەتی ئەو ڕۆمانە بە ناونیشانی(پێنجەمینی کتێبی خوا)، بە زمانی فارسی چاپیبکاتەوە، کاتێک دەیدا بەو شوێنەی، کە مۆڵەتی چاپکردنی دەداتێ، دوای ئەوەی دەبینێت ئەم مۆڵەتەی پێنادەن، لەبەر ناوەکەی و کۆمەڵە شتێک، بەڵام دوای چەند جارێک ڕەتکردنەوە ناچاردەبێت ناونیشانەکەی بگۆڕێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوەندە زیرەکانە شۆڕبۆتەوە نێو جەوهەری تێکستەکە و ئاوێزانی وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستەی ڕۆمانەکە، دێت ناونیشانێکی نوێ بۆ تێکستەکە دادەنێت کە هەڵگری هەمان جەوهەر بێت، بەڵام لەشێوەدا جیاواز، ناوی لێدەنێت(اسفار سرگردانی) بەواتا کتێبەکانی سەرگەردانی یا سفرەکانی سەرگەردانی، ئەوەندە بە جوانی ماناکەی هەڵگرتوە، خەریکە بڵێم لە پێنجەمین کتێبیش جوانترە((پیرداود و حەیدەر،٢٠٢٢: ؟))، ئەوە گەواهی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەدات، کە بەڵێ کاتێک ناونیشان دەبێت بە تێکست و تێکستیش دەبێت بە ناونیشان، ئەم کردەی ئاوێزانبونەی ناونیشان و مەتنی تێکستی لێبەرهەمدێت، بەواتە (هەردو جومگەکانی ناونیشان و مەتن وەک دو بازنە، یەکتری تەواو دەکەن و، بەیەکەوە دەبن بە یاریدەدەر بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوە و دۆزینەوەی سەرجەم کایە دەلالییەکان) (حەسەن و گەردی،٢٠١٢: ٢٠١).




کەواتە دەگەین بە میکانیزمێکی تانوپۆئامێز لەڕوی ئاکتەوە، لەلایەک ناونیشان دەبێت بە منداڵدان و دەرچەیەک بۆ ئەوەی ئەم کۆدە مێتازمانیانەی، کە لە هەناوی ناونیشانەوە چڕکراونەتەوە و گرمۆڵەکراون بە ئاراستەیەکی ستونی ڕوەو هەناوی مەتن شۆڕببێتەوە بۆ ئەوەی لەوێدا ڕایەلەکانی بەیەکدا بچنێ و پەرشیانبکاتەوە تا کۆتایی تێکست، لەلایەکیتریش بە ئاراستەیەکی پێچەوانە و ئاسۆیی لەو ڕایەلە چنراوە زمانیانەی، کە بەهەناوی تێکست پەرشکراونەتەوە، هەڵبگرێنرێتەوە بە چەشنی گلۆرەبەنێک، بۆ ئەوەی تا دوا ئاستی هەڵگەڕانەوە ڕایەلەکانی چڕبکرێتەوە تا ئاستی لەدایکبونی بونیادێکی چڕکراوی مێتازمانی کە ئەویش خودی ناونیشانە.




ئەوەی لەم وێنەیەدا گرنگە بریتییە لەو کردە سیمیۆلۆژییەی کە چۆن لەو پردی پەیوەندی و کردەی بەیەکداچون و ئاوێزانبونەی نێوان جومگەی ناونیشان وەک ئایکۆنێکی میتازمانی چڕکراو و مەتنی تێکست وەک پەرشبونەوەیەکی دال و مەدلولاتە زمانی و ئاماژەییەکان لەپێناو بەرهەمێنانی مەدلولاتەکانی نیشانە، کەوا لە هەناوی خۆیدا جێگەی بۆ کردۆتەوە.

## بەشی دووەم: خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیانەی ناونیشان لە ناونیشانی(ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبلْن):

ئەگەر یەکێک لە ئەرک و وەزیفەکانی ناونیشان بریتی بێت لە پێشباس و دەسپێک و دەروازەی تێکست و ئاراستە پێدان بێت لە زۆنێکی تاریکی ڕوە و زۆنێکی پڕ لە ڕۆشنایی، بۆیە لەم ئاکتەوە بمانەوێت ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبلْن)، بخەینە نێو تان و پۆی خوێنەوەیەکی سیمیۆلۆژیانە، بەپێی ئەو پرەنسیپ و ڕایەلانەی، کە لە هەناوی مێتۆدی سیمیۆلۆژیا بونیان هەیە و جێگیرن، خوێندنەوە بۆ پێکهاتەی ستراکچەری نیشانەکانی ناونیشان لە ڕۆمانەکانیدا بکەین و بە ئاراستەی بزاوت و چالاکییە سیمیۆزەیەکان هەنگاوەکانمان هەڵبگرینەوە، بۆیە دێین ئەم ناونیشانە(ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبلْن)، وەک یەکەیەکی زمانەوانی سەربەخۆ دەخەینە نێو تان و پۆی خوێندنەوەیەکی تەواوکۆیی سیمیۆلۆژیانە.


### *ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبلْن:

شیعرییەتی ئەم ناونیشانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە شێوەیەک لە کردەی لادانی واتایی تێدایە، کە بە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی دادەنرێت، ئەم کردەی لادانە بەو پێیەی کە دەستکاری پەیوەندییەکانی نێوان دال و مەدلول دەکات، بەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە واتاکاندا، بەواتەیەکی تر مانای وشەکان بۆ ئەو مەغزایە بەکارنایەت کە لەنێو کۆمەڵگەدا باو و ئاساییە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئاژەوەگێری لەو بەکارهینانەی زمان، کە ڕۆژانە تاکەکانی کۆمەڵگە بەکاریدەهێنن، کەواتە شیعرییەتی ئەم لادانە دەبێت بە کردەیەکی دژەباوی زمانی، کە دواجار ڕوەو پرۆسەی لادانی واتایی هەنگاودەنێ کە زۆنی واتا دەگرێتەوە، شلەژانی واتایی دەهێنێتە پێشەوە و کردەی لادانی واتایی دەخوڵقێنێ (بەمەش لادانی واتایی بریتی دەبێت لەباری نائاسایی بەکارهێنانی واتا) (سالح،٢٠١٥: ٣٨)، کاتێک زۆنی واتا باری نائاسایی خۆی ڕادەگەیەنێت کە تەقینەوەیەک یا چەشنە شلەژانێک لەنێو ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان دال و مەدلولەکان و تەواوی ئەو سیستمە زمانیەدا هەیە، کە ڕویداوە و ڕودەداتەوە، ئەوە ڕاستەوخۆ بەر شەپۆڵەتیشکەکانی داهێنان دەکەوین، ئەم داهێنانە سەرەتا وەک گەرایەکی نامۆ و دور لەپێشبینی، بەهۆی ئەم نامۆبون و هەڵگری شێوە جیاوازەی کە لەلایەن خوێنەران بە فۆرمێکی دژەبا و جیاواز سەیردەکرێ و دەکەوێتە حالەتی شتێکی سەرسورهێنەر و نامەئلوف، بەمەش لای خوێنەر سەرنجڕاکێش دەبێت و وەک کردەیەکی نوێکاری و تازەگەر ئەژماردەکرێت، شیعرییەتی ناونیشان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئاوازە و هارمۆنیەتێکی ناوازەی پڕ لە ئێستاتیکای هەبێ و بتوانێت لە زەینی خوێنەردا بمینێتەوە، مانەوە لە زەینی خوێنەردا بەهۆی میکانیزم و وابەستەیەکەوە دەبێ کەوا بتوانێ گۆڕانکاری و جیاوازی بهێنێتەدی وەک ئێستاتیکای لادان و هەموو ئەو گەمە ئایرۆنیە زمانیانەی، کە پڕیەتی لە وردە چێژ، بەتایبەت ئەو چێژەی کە (وەک ڕەگەزێکی شیعری


كاریگەری و كاردانەوەیەكی گەورە و بەهێزیشی لەسەر خوێنەری دەق هەیە) (فەتاح،٢٠١٥: ٥٧)، كەواتە بەوپێیەی كە ئێستاتیكا و شیعرییەتی لادان دونیاگەلێك درزی واتایی بەهۆی ئەو گەمە دژەباوە سیستمە زمانەوانییە كەدەخوڵقێنێ، دروستدەكات، ئەمەش بە لەونێك لە لەونەكان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی فەزایەكی فراوان لە جوانی داهێنانی شیعرییەت، كە (لەڕوی جەوهەریەوە تایبەتمەندی و گونجاندن و لێكچون نزیكبونەوە نییە، بەڵكو پێچەوانەكەیەتی) (بڕوانە: محمد و علی،٢٠١٤: ٤٠)، (دیب،١٩٨٧: ٢٨)، ئەم پارادۆكسیەت و پێچەوانەگەڵەی، كە لەنێو سیستمی زمانەوانی و بۆشاییە دەلالیەكاندا خۆیان هەڵدەگرنەوە بە جۆرێك لە جۆرەكان خۆی لەگەڵ زمانی شیعریی تەریبدەكاتەوە، چونكە وەك(جان كۆهین)یش تێڕوانینی وایە، كە زمانی شیعریی بە جۆرێك لە جۆرەكان بریتییە لە كردەی لادان، لادان لە سەرجەم ئەو یاسا و ڕێسایانەی كەوا لەنێو ئاخاوتندا خۆیان هەڵدەگرنەوە، كە زۆر جار بەلادانی كۆنتێكستی ناوی دەبات (بڕوانە: كوهین،١٩٨٩: ١٠٥) هەربۆیە زمانی شیعریی لای ئەو دەبێت بە خودی كردەی لادان(الانزیاح) لە واتا فەرهەنگیەكان، بۆیە شیعرییەت لە داخراوەیی هەنگاو دەنێت ڕوە و كرانەوە(شیعرییەت كرانەوە و تەجاوز و گۆڕانە) (حسین و محمود،٢٠١٩: ٣٥)، ئەم ناونیشانە لەسەر ئاستی سینتاكسی و دیوی مۆرفیمسازییەوە پێكهاتوە لە:



ئەگەر سەرنج لە ئایکۆنیەتی ناونیشانی(ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)بدەین، چ لە سەر ئاستی سینتاکسییەوە چ لەسەر ئاستی کایەکانی واتایی بەجۆرێک لە جۆرەکان شیعرییەتی لادان ئەنجامدراوە و پارادۆکسییەتێک لە وشە لەخۆی هەڵدەگرێتەوە:




لەنێوان پەیوەندی جۆربەجۆرەکانی نێوان مەدلولی یەکەم و مەدلولی دوەم و مەدلولەکانی تردا زنجیرە فۆرمێک لە مێتافۆر وەک خوازە، درکە، لێکچواندن، ...تاد بەرهەمهاتو چنینکراوە لەنێو ئەو ئەتمۆسفێرە مەدلولڕێژانە، مەدلولی شاراوەی تر هەیە کە لە ئەنجامی پرۆسەی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە، خوێنەر دەتوانێ سەرجەم مەدلولە لەمینچێنراوەکانی تر بتەقێنێتەوە، ڕواندنی ئەم پارادۆکسەی نێوان وشەکانی(فڕیو/ زبڵ) لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆژی یا مێتافۆر یا لایەنە ڕەوانبێژییەکە کە خوازە یا درکە یا لێکچواندنە کۆنتراکست(conteact) یا دوانەلێکدژ و پێچەوانە هەڵگر هەیە لەنێوان هەردو وشە، ئەوەش بەپێی سیستمە لۆژیکییەکەوە کەوا هەرگیز (باڵندە) نابێت بە (زبڵ) جا ئەگەر باڵندەکە (باڵندەی فڕیو)یش بێ، بەواتە هەرگیزا و هەرگیز باڵندەی فڕیو نابێت بە زبڵ لەدیوە ڕیالییەکە، ئالێرەدا کردەی لادانە واتاییەکە و دیو فەرهەنگییەکە جۆرێک لە سیمیۆلۆژیای شعرییەتیان سازکردوە:



کەواتە ئەو سیمیۆلۆژیایەی، کە شیعریەتی لادانی سازکردوە، بریتییە لە لادان لەسەر ئاستی وشە پێچەوانە و دوانەلێکدژییە فەرهەنگیەکانی وەک:(فڕیو – نەفڕیو)، (باڵندە – نابالّندە)، (زبڵ – زیندو) نوسەر لەپێناو ئەوەی لە کۆنتێکستی ئەم ڕستە شیعرییە پڕ لە دوانەلێکدژییانە چەشنێک لە سیمیۆتیکای شیعرییەت لەنێوان وشە دژ و پێچەوانەکان بسازێنێت هاتوە ئەم کۆنتراستەی لەنێوان وشەکاندا هەیە تێکیشکاندوە، هەر خودی ئەم تێکشکاندنەش کردەی شیعریەتی لادانەکەی بەرهەمهێناوە و چێژی لای زهنیەتی خوێنەر خولّقاندوە، بەوهۆیەشەوە سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکیشاوە، کەواتە لە ڕستە شیعریەتەکەی ئەم ئایکۆنیەتی ناونیشانەدا (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)دا لەدو ئاستدا لادانەکەی سازکراوە، کە ئەوانیش بریتیین لە: ئاستی یەکەم واتای وشەکان لە واتای بنجی خۆیان دورخراونەتەوە.

باڵندە وەک (دال)

↓

مەدلول(١) ...... فڕیو/ نەفڕیو....... کۆنتێکست ←

↓

مەدلول(٢) ...... فڕیو/ زبڵ ........ مێتافۆر

کەواتەی لەنێو ئەم ئایکۆنیەتە شیعرییەتەی ناونیشانی(ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)، لەدو جومگەدا لادانی واتاییەکە لای نوسەر سازکراوە، کە ئەوانیش بریتیین لە ئاستی کۆنتێکست و ئاستی مێتافۆر، کە لەهەردو ئاستدا جۆرێک لە شیعرییەت و ئاڵوگۆڕپێکردنی پێچەوانە ماناکان خولّقاوە(ستراتیژی شیعریەت ئاڵوگۆڕی مانایە، واتە دو قۆناغی جیاواز لەخۆدەگرێت، یەکەمیان لەسەر بنەمای پێکهاتەی ڕستەیە، دوەمیشیان لەسەر بنەمای وێناکردنە(خوازە))(محمد و علی،٢٠١٤: ٤٢)، مۆرفیمەکانی نێو ئەم ناونیشانە لەسەر ئاستی گرامەری بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمانەوانی گونجاون، هیچ جۆرە تێکشکاندنێکی گرامەری بەسەر وشە و دەستەواژە سینتاکسییەکە نەهاتوە، هەروەها وشەکانی نێو فرێزە ناوییەکان کە(دیارخەر و دیارخراو)ن، لەسەر ئاستی پێکهاتەی واتایی پێچەوانە و دوانەلێکدژن، واتە چەشنە پارادۆکسێک لەنێوان واتای لۆژیکی وشەکاندا ڕواو و هەیە، بۆ نمونە کاتێک وشەی (فڕیو) دەدەینە پاڵ وشەی (زبڵ) لە کۆکردنەوەی فرێزی ناوی (ئەو ... باڵندە)یەدا، کاتێ دەدرێنە پاڵ یەکتری لەسەر ئاستی ستراکچەری واتایی و ئاستی سیمانتیک بەیەکناوازەن و ناگونجێن و کۆنتراستی واتاکانیان تێکشکاوە، هەربۆیە بوە هۆی بەرهەمهاتنی کردەی لادانە دەلالیەکە، ئەمەش بوە هۆی خولّقاندنی ئێستاتیکای شیعرییەت، کە ئەم تێکشکاندن و چەشنە لادانە پێیدەڵێین (لادانی گرامەری)، چونکە بەپێی یاسای سیستمە وتاییەکە پێویستە سیمە واتاییەکان هاواتاو گونجاوبن (مەبەستیش

له"سیمای واتایی" ئەوەیەکە (واتا) کەرت دەکرێت بۆ دانەی وردتر، ئەو دانە وردانە پێیان دەوترێت"سیما"(محمد و علی،٢٠١٤: ٤٤)، بۆ نمونە ئەگەر لە سیمای واتایی هەریەک لە (باڵندەی فڕیو – باڵندەی زبڵ) بکەین ئەوە بەمشێوەیە دەکەوێتەوە:

باڵندەی فڕیو ↓ باڵندەی زبل ↓

+ باڵندە + باڵندە

+ زیندو( ـ نازیندو) +نازیندو( ـ زیندو)

+دولایەن( ـ نێر- مێ) +دولایەن( ـ نێر- مێ)

لەم هاوكێشەیەی سەرەوەدا دوانەلێكدژی لەنێوان هەردو وردبونەوە نارێزمانییەکەدا هەیە ئەوەی نەگونجان و لادانی دروستكردوە، بریتییە لە هاوەڵناوەكانی (فڕیو/زبڵ) واتە:

باڵندەی فڕیو ← نابێتە زبڵ

باڵندەی زبڵ ← ناهێتە فڕین

کەواتە بەهۆی ئەم کردەی لادانانەی لە داڕشتەی مۆرفیمەكان و سیما وردکراوەكانیان فۆرمێك لە شیعریەتی لادانەكە دەهێتە ئارا، بەو هۆیەشەوە سیمیۆلۆژیای ئێستاتیكای شعرییەتەكە دەخوڵقێت و دەهێتەبون، لە كۆتایشدا تاكی خوێنەر وەزیفەی بەرجەستەكردنی واتاكانی دەستەواژەی ناونیشانە ئایكۆنیەكەی لائاسایی نابێ، واتە بە ئاسانی وەریناگرێ و لێی حالی نابێ، بۆیە پێویستی بە كردەی شۆڕبونەوەیە بۆ ئاستی ژێرەوەی ستراكچەری مۆرفیمەكان و وردكردنەوە و لێكدانەوە و هەڵگرتنەوەی ڕاڤەكانیان، ئەوسا جۆرێك لە تەبایی و تێگەیشتن لە زەینی خوێنەردا دروست دەبێ، واتە خوینەر ئەوسا ناكەویتە نێو سیما بەزێنراوەكان یا لێدوركەوتنەكان و گونجان و تێگەیشتن بە ئاسانی ڕوەكانی دەردەكەوێت.

(ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن) تێكستێكی چڕكراوی مێتازمانییە، ئایكۆنێكی سیمیۆلۆژییە، خاوەن ئاماژەی دەلالییە لە جەوهەردا، لە دونیای ڕیالدا باڵندەیەک کە زیندو نەبێ و مردو بێ پاش ماوەیەک دەبێت بە ئێسک و پروسک و زبڵ، ئەوسا نوسەر دەیتوانی بنوسێ(ئەو باڵندانەی کە زبلن)، بەڵام نوسەر بۆ ئەوەی ئێستاتیكای شیعرییەت وكردەی لادانی نارێزمانی دروستبكات، هاتوە دەستكاری ئەو پەیوەندییە ئاماژەیی و واتاییانە دەكات کە لەنێوان وشەكان بەتایبەت لەنێو هەردو داڕشتەی (فڕیو – زبڵ)دا هەیە، جۆرێک لە پارادۆكسی

خولْقاندوه (خۆ من به ئاسانی دەمتوانی بنوسم(ئەو باڵندانەی كه زبڵن، بەلأم ویستومه تەئكید بكەمەوه كەوا (فڕیو)ن، فڕیویش لوتكەی زیندوێتی باڵندەیە) (پیرداود و حەیدەر،٢٠٢٢:) واته هەر باڵندەیەک بتوانێ بفڕێ لوتكەی زیندویەتییە، لەوانەیە باڵندەیەک نەتوانێ بفڕێ یا مردو بێ، ئەوەیە فۆرمێكی لۆژیكی ئەو باڵندەیە دەبێت بە(زبڵ)و فڕێ دەدرێ، بەلأم لەم ناونیشانەدا باڵندەكە(زیندوه، فڕیوه، چالأكە) بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا نوسەر لەنێو دەستەواژەیەكی كۆكراوەدا هەمویان دەكا بە زبڵ، لەدونیای ڕیاڵدا ئەمە شتێكی نالۆژیكییە، بەلأم لەنێو دونیای مەتنی تێكستەكەدا یاسایەكی لۆژیكییە و ڕەوایە، ئەگەر بۆچەند ساتێک چەند دیمەنێكی ڕوداوی نێو مەتنی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ گێڕەرەوەدا هەڵبدەینەوه، دەبینیین ئەم ناونیشانە ئایكۆنییە(ئەو باڵندە فڕیوانەی كە زبڵن) زۆر بە جوانی و زۆر بە سەلیقەییەوە لەلایەنی نوسەرەوە چنینی زمانی بۆ كراوه و پڕكراوه لە ڕوداو، ئاماژه، سیمبول، ئیندێكس، وەک ئایكۆنیەتی مەتنی تێكستەكە خۆی ڕەنگرێژكردوه، كۆكردنەوەی ڕایەلی ڕوداوەكانی پشت ئەو ئاماژه هێماییانەی كەوا لەودیو قاپە شوشە شێوە بەلەمیە پڕ لە باڵندە شكاوەكەی ماڵی (سەیفەدنی دارتاش)یا ئەو ماڵەی، كە ئێستا ماڵی(مەرجانی دڵ)ە، دەمانگەیەنێت بە لوغزی ئەم ناونیشانە، ڕۆژێک لە دەرگا دەدرێ، منداڵێكی دوانزە ساڵان دەچێ دەرگاكە دەكاتەوه، پیاوێكی تەوێل بریندار و شێواو دەبینێ وەستاوه، منداڵەكە لە پیاوەكە دەپرسێ فەرمو تۆ كێی و چیت دەوێت؟ پیاوەكەش لەوەلأمدا دەڵێ من (سەیفەدینی دارتاش)م، كاتێ دایكی منداڵەكە گوێی لە ناوی (سەیفەدینی دارتاش) دەبێت ڕاستەوخۆ دەبورێتەو بەردەبێتەوه، لەساتی بەربونەوەی دایكی منالەكە قاپە شوشە شێوە بەلەمیە پڕ لە وێنەی باڵندەكان بەردەبێتەوه و دەشكێت، لەدیمەنێكی تری ڕوداوەكان گفتوگۆی پڕ لە كێشمەكێشی نێوان (سەیفەدینی دارتاش) و (مەرجانی دڵ) دەبیستین، دوای ئەوەی لێک تێناگەن (سەیفەدینی دارتاش) ناچاردەبێت بڕوا، لەساتی ڕۆیشتنی بەنێو مەتبەخەكەدا دەڕوا لەناكاو قاچەكانی بەر وردە شوشە شكاوی قاپە شوشە شێوە پڕ لە باڵندەكە دەكەوێت، كاتێ ئەوە دەبینێت ڕاستەوخۆ خۆی لاردەكاتەوه بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو پارچە شكاوانەی قاپەكە، چونكە ئەو پارچە شكاوانە لای ئەو زۆر بەنرخ و خۆشەویستە، ئیدی حیكایەتێكی شاراوه لەودیو ئەم قاپە شوشەیە هەیە، بۆیە پارچە پارچە هەڵیندەگرێتەوه، كە هەر پارچەیەكی بەشێک لە تابلۆی باڵندەكان تەواو دەكات، (مەرجانی دڵ) كاتێ ئەوه دەبینێ، بە قاچێكی پێ لەسەر دەستی دادەنێت بۆ ئەوەی ئەو پارچە شوشە شكاوانە كۆنەكاتەوه و پێی دەڵێت تۆ بۆت نییە تەنانەت زبڵی ماڵەكەی منیش كۆبكەیتەوه، چونكە لای(مەجانی دڵ)ئەو پارچە شكاوانە زبڵن و هیچ یادگاریەكی لەگەڵدا نییە، بەلأم لای (سەیفەدینی دارتاش) پڕە لە یادگاری چەندین ساڵە، بۆیە (سەیفەدینی دارتاش)لەوەلأمدا پێی دەڵێت: تەنها تۆیت كە ئەو شوشە شكاوانە بە زبڵ تێدەگەیت، بەلأم لە بنچینەدا ئەو پارچە شوشانە زبڵ نیین بەڵكو (باڵندەی فڕیو)ن، بۆیە خوێنەر گەر بەوردی و سەلیقەییەوه بەدوای ڕایەلی گێڕانەوەی ڕوداوەكانی

چیرۆک و مەغزای ئەودیو وشە و وێنە و ڕەنگەکاندا، بگەڕێت و ئاماژەکانیان هەڵبگرێتەوە، ئیدی لەوە تێدەگات کە ئەم بەڵەمە شوشەییە مێژویەک لەو ماڵەدا دەخولقێ، بەشداریەکی دینامیکی هەیە، بەبێ کۆد و لوغزی ڕایەڵە ئاماژەییەکانی ئەو وێنەییە ڕۆمانەکە زیندویی خۆی ناهێڵێتەوە و چالاک نابێ،ئیدی هەبونی ئەم لوغز و کۆدانە وامان لێدەکات بەروی جۆرە تێکستێکی لێل بکرێنەوە کە ئەم کردەی بەلێلکردنی چ وەک ناونیشان چ وەک حیکایەتەکانی ئەودیو مەتن لای نوسەر دەچێتە نێو قاڵبێکی شیعریی، هەربۆیە (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن) بەراستی توانیویەتی ڕۆحیەتی ڕۆمانەکە هەڵبگرێ و بە زیندویەتی بیهێڵێتەوە، هەربۆیە نوسەر زۆر وەستایانە توانیویەتی درک بەو ئەهمیەتە ئێستاتیکای بە شیعریەتبونە بکات و لەنێو ناونیشانەکەدا ڕەنگرێژی بکات، ئەوەتا لەم تۆبۆگرافیا بچوککراوەیەی ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن)دا، دو وشەی هاودژ یا دوانە لێکدژی وەک (فڕیو) و (زبڵ) لەسەر ئاستی دەلالی لەنێو یەک زۆن و یەک ناونیشاندا کۆدەکاتەوە، کە ئەم لەپێناو ئەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی (خوێنەر/وەرگر) بگۆڕێت و تەجاوزی گۆڕانەکان بکات، بەمەش کۆی ڕۆمانەکە بەرەو ئاستێکی کراوەی شیعرییەتئامێز دەبات.

## ئەنجـــــــام:

**١-** ناونیشان دەبێت بە پردی پەیوەندی نێوان یەکەم بەرکەوتنی (خوێنەر/بینەر) لەگەڵ جەستە و مەتنی دەقەکەوە، بۆیە چڕ خوێندنەوەیی جومگەی ناونیشان یەکسانە بە جوانراڤەکاری مەتن و دیوی ناوەوەی دەق، بۆیە لە ناونیشاندا دەتوانین ئەم پەیامە ئاماژەییە لە زمان چێنراوە هەڵبگرینەوە کە لە نێوان هەردو جومگەی (نێرەر) و (بۆ نێردراو) ئاراستە دەکرێت و هەڵگری دەیان ڕایەڵەی ئێستەتیکی و ئەپستیمی و مێتازمانییە، شعرییەت بەخشین بە ناونیشان پێویستی بە لێزانی و ڕیشەیەکی مەعریفی و هزری قوڵ هەیە لەلایەن نوسەرەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم کردەی شعرییەت بەخشینە بە ناونیشان وا لە خوێنەر بکات بە ئاگایی و وریاییەکی زۆرەوە دەست و پەنجە لەگەڵ تێکستەکە نەرمبکات.

**٢-**(جەبار جەمال غەریب) وەک ڕۆماننوسێکی مۆدێرن بە ستایل و ئایکۆنێکی جیاوازی لێکسیمی مێتازمانی ویستویەتی ئەم پیت و بڕگە و وشە و ڕستە و دەستەواژانە لە هەناوی ناونیشاندا کۆبکاتەوە کە کاریگەرییان لەسەر خوێنەردا هەیە، وە زۆرترین بەرکەوتەیان لە زەینی خوێنەردا هەبێت، بۆیە بە شوێن گەمەی داڵە زمانییەکانی نێو کێڵگە لێکسمییەکاندا گەڕاوە بەتایبەت لەنێو ئەو کێڵگانەی کەوا جۆرێک لە دوانەلێکدژی لە هەناوی وشەکاندا بونیان هەیە، دواجار لەنێوان ئەم دوانەلێکدژییانەی مانایەکی هاوبەش، لەنێوان زەینی خوێنەر و گیانی دوانەلێکدژییەکان بخولقێنێت، کە خودی خوێنەر هاوبەشە لە کردەی خولقاندنی ئەو مانا هاوبەشانە و دۆزینەوەی پردی پەیوەندییەکانیان.

**٣-** پرۆسەی ناونیشان لای (جەبار جەمال غەریب)دا نەدەكەوێتە سەرەتای نوسینی تێكستەكەی و نەكۆتایی تێكستەكەی، كردەیەكە بە درێژایی دەست و پەنجە نەرمكردنەكانی لەگەڵ نوسینی ڕۆمانەكانی لە كردەی خەڵقكردنی ناونیشاندا لەنێو كەشێكی دیالێكتیكیانەی سێرەهەندی نێوان (نوسەر-تێكست-خوێنەر)دا وازییە ئایرۆنییە مێتازمانییەكانی هەڵدەگرێتەوە، بۆیە ناونیشان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو تێكستە هەیە كە نوسەر نوێنەرایەتی دەكات.

**٤-**ئایكۆنیەتی ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی كە زبڵن) چ لە سەر ئاستی سینتاكسییەوە چ لەسەر ئاستی كایەكانی واتایی بەجۆرێك لە جۆرەكان شیعرییەتی لادان ئەنجامدراوە و پارادۆكسییەتێك لە وشە لەخۆی هەڵدەگرێتەوە، بریتیین لە: ئاستی یەكەم واتای وشەكان لە واتای بنجی خۆیان دورخراونەتەوە، واتە لێدورخستنەوە لەسەر ئاستی یەكەمدا كە ئەویش بەجۆرێك لە جۆرەكان تێكشكاندنی یاساكانی ئاخاوتن كە لەسەر كۆنتێكست بەرهەمدێت، ئاستی دوەم تێكشكاندنی لایەنی خوازەی زمانییە و لەسەر ئاستی پێچەوانەكردن و كردەی ئالوگۆڕپێكراوی سیاقەكانە.

**٥-**ناونیشانی (ئەو باڵندە فڕیوانەی كە زبڵن) تێكستێكی چڕكراوی مێتازمانییە، ئایكۆنێكی سیمیۆلۆژییە، خاوەن ئاماژەی دەلالییە لە جەوهەردا، لە دونیای ڕیالدا باڵندەیەک كە زیندو نەبێ و مردو بێ پاش ماوەیەک دەبێت بە ئێسک و پروسک و زبڵ، ئەوسا نوسەر دەیتوانی بنوسێ (ئەو باڵندانەی كە زبلن)، بەڵام نوسەر بۆ ئەوەی لادانی نارێزمانی دروست بكات، دەستكاری پەیوەندیی ئاماژەیی بكات، هاتوە كە لەنێوان وشەكان بەتایبەت لەنێو هەردو داڕشتەی (فڕیو - زبڵ)دا هەیە، وە جۆرێك لە پارادۆكسی خوڵقاندوە.

**٦-**(ئەو باڵندە فڕیوانەی كە زبڵن) بەشێوەیەكی تۆكمە توانیویەتی ڕۆحیەتی ڕۆمانەكە هەڵبگرێ و بە زیندویەتی بیهێڵێتەوە، هەربۆیە نوسەر زۆر وەستایانە توانیویەتی درک بەو بەها ئێستاتیكای بە شیعریەتبونە بكات و لەنێو ناونیشانەكەدا ڕەنگرێژی بكات.

# The Semiology of Title Poeticness in Jabar Jamal Gharib's "The flying Birds that are Dross" novel

**Abdulstar Perdawd Hasan[1] - Sardar Ahmad Hasan Gardi[2]**

[1+2]Department of Kurdish, college of Education, salahadin university, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study is entitled (The Semiology of Title Poeticness in Jabar Jamal Gharib's "The flying Birds that are Dross" novel). The study attempts to shed light on an essential and influential subject which is the semiology of title poeticness. It introduces the term and concept of semiology of title poeticness and its value as a semiological icon within a broad genre like novel. There has not been much research in Kurdish literary works aimed at presenting the role and position of semiology of title poeticness in the genre of novel. Hence، the current study highlights the hidden aspects of semiology of title poeticness، that is، it uncovers the meanings behind the masks of the titles at each level of morphology، syntax، rhythm and melody and meaning within the above-mentioned novel. The poetic titles are semiologically interpreted in order to highlight the writer's message behind the iconicity of the poetic-like titles.

**Keywords:** Title iconicity، Title category، Function، Semiology، title poeticness.

## سەرچاوەکان:

بەرزەنجی، پ.د.عەلی تاهیر، ٢٠٢٠، ئاسۆی دەق،چ١، چاپخانەی ئێڤا بۆ چاپ و ڕێکلام.

پیرداود، ستاری، ٢٠١٠، خوێندنەوەی میتافۆر، چ٢، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی(دهۆک).

حەسەن، غازی، ٢٠٢٠، سیمیۆلۆجیای گوتار لە نۆڤلێتی''ئەستێرەی ژەنیار''ی دلزار حەسەن ـ دا، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە کتێب دۆستان، کوردستان.

خۆشناو، سەرباز مەجید، ٢٠١٩، سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، چ١، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

رشید، سابیر،٢٠٠٧، رۆمانی کوردی ـ خوێندنەوە و پرسیار، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر.

رشید، فؤاد، ٢٠٠٧، دەقی ئەدەبی ـ ئەدگار ـ چێژ ـ بەها، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

رەئوف، د.لوقمان٢٠١٦، دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە (١٩٥٠ـ١٩٧٥) کرمانجی خوارو، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی.

سدیق، ئارام، ٢٠١٠، ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

عەلی، بەختیار، ٢٠٠٥، خوێنەری کوشندە (کۆمەڵە وتار)، چ: ڕەنج.

لەتیف، دیار، ١٣٩٩، ناونیشان و دەق، چ١، چاپەمەنی خانی، سەقز.

مەنتک، حەمە، ٢٠١٧، سیمیۆلۆژیای ناونیشان، ناونیشانی ڕۆمانی کوردی بەنمونە، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

هێمن، عومەر خۆشناو، ٢٠١٠، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردە (لێکۆڵینەوەیەکی شیوازگەریی پراکتیکیە، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠١، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠٦ ئەزمونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، کوردستان ـ سلێمانی.

ابو ديب، كمال، 1987، الشعرية، مؤسسة الابحاث الأدبية.

ادونيس، 1989، الشعرية العربية، ط2،دار الادب، بيروت.

اشهبون، عبدالمالك، 2011، العنوان في الرواية العربية، اناليا للدراسات والنشر واتوزيع، سوريا.

بوجاه، صلاحالدين، 1994، مقالة في الرواية، ط1،المؤسسة الحامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت.

بوردبالة، الطيب، 2002، قراءة في كتاب سيمياء العنوان للدكتور بسام قطوس، محاضرات الملتقى الوطني الثاني السيمياء والنص الادبي،منشورات جامعة محمد حيضر- بسكرة،الجزائر.

الحجمري، عبدالفتاح، 1996،عتبات النص(البنية و الدلالة)، منشورات الرابطة،الدار البيضاء.

حليفي، شعيب، 2015، هوية العلامات في العتبات وبناء التأويل، الطبعة الاولى،القاهرة.

حمداوى،جميل، 2007، مقاربة العنوان في النص الادبي، مجلة الكلية، سنة الاولي، عدد 1-2، فبراير.

قاسم،عدنان حسين، 2000، الاتجاه الاسلوبى البنيوى في الشعر العربي، الدار العربية للناشر و التوزيع،مصر.

قطوس، بسام، 2011، سيمياء العنوان، وزارة الثقافة،ط1،الاردن.

– كوهين، جان، 1989، البنية اللغة الشعرية، ت: محمد الولى و محمد العمرى، دار تويقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب.

المسدى، د.عبدالسلام، 1982،الاسلوبية و الاسلوب، ط2، دار العربية للكتابة، تونس.

.‹New York‹Paris‹la Haye‹un pratique textuelle‹ Semiotiqes d‹1981. La marque du titre :dispositifs‹ H Leo‹Heok

پیرداود، ستاری و جەوهەر، حەیدەر، (۲۰۲۲/٦/۱۲)، چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەبار جەمال غەریب)، لەوەزارەتی پەروەردە، لە بەرواری یەکشەممە.

جلال، سليم، 2008-2009، أسماء السور فى القران الكريم، رسالة ماجستير، جامعة الحاج الخضر، كلية الاداب، والعلوم الانسانية.

حسين، پ.ی.د.علی طاهر، محمود، پ.ی.د.شنۆ محمد، ۲۰۱۹، خوێندنەوەی چەند دەقێکی شیعر لە ڕوانگەی شیعرییەتەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B) زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژ59، کانونی دوەمی .

حمداوي، د.جميل، 1997، السيميوطيقا و العنونة، مجلة عالم الفكر،مج25، ع3، مجلس الوطنى للثقافة و الفنون والاداب- الكويت .

حەسەن، م.ی.عبدولستار پیرداو، گەردی، د،پ.ی.د.سەردار ئەحمەد، ۲۰۱۲، پراکتیزەکردنی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە لە شیعری (پایز)ی گۆراندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژ۲۳.

– حەسەن، محەمەد ئەحمەد، ۲۰۱۵، ئێستاتیکای زمان لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)ی جەبار جەمال غەریبدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژ۳۲ .

رضا، عامر، 2006-2007، سيميائية العنوان في ديوان - سنابل النيل لـ : هدى ميقاتي –، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر – بسكرة، الجزائر.

ساڵح، دلاوەر ئیبراهیم حەمە، ۲۰۱۵، شیعرییەت لە دەقەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، (نامەی ماجستێر)، سکولی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

عەلی، پ.دلشاد، ڕەئوف، د.لوقمان، ۲۰۱۵، سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی گۆران دا، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، خولی سێیەم، بەشی(B)، ژ۵، کانونی یەکەم.

فؤاد، نيان نوشيروان،علی، ژینۆ عبدالله، ۲۰۱۹،الوظائف السيميائية للعنوان قصائد نازك الملائكة انموذجا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول٦،ژ۱، بەهاری.

فەتاح، م.ی.رزگار عومەر، ۲۰۱۵، چێژی دەق لە شیعرەکانی قوبادی جەلیلزادەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ٤، زنجیرە۲.

محمد، پ.ی.د.عبدالقادر حمەامین، علی،پ.ی.د.بکر عمر، ۲۰۱٤، لادانی شیعریی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ۱.

مستەفا، ئاسۆ عومەر، ۲۰۲۱، ئێستاتیکای لادانی زمانی لە کۆشیعری (ژەنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژ۱، زنجیرە۸.

ئۆسمان، محسن، ۲۰۱۲، ئیستراتیژیا ناڤنیشانی وەک کۆدەکێ سێمیۆلۆژی، گۆڤاری کۆنسێپت، ژ٦، نۆڤەمبەری.

ئیبراهیم، م.ی.محەمەد عەبدولکەریم، ۲۰۱٦، بونیادی داماڵین لە شیعردا (لێکۆڵینەوەیەکە لە بنیادی زمان و واتای شیعری ژمارە۱۲۹)لە (ساڵی سفر)ی سەباح ڕەنجدەردا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ۳۷.